# ژەنــــەڕاڵ



کامەران سوبحان
(سلێمانی)

بۆ: جوان حوسێن
سیروان شەریف
پێشکەشە کە هەناسەی پاڵەوانەکان لە هەناسەی ئەوان دەچێت.

**کارەکتەرەکان:**

١- **ژەنەڕاڵ:** سەرهەنگێکی گەورەی سەربازییەو دوای دۆڕانی جەنگ هەڵهاتووە و لەشوێنێکی دیاریکراو نیشتەجێیە.

٢- کچێکی وێنەکێش، کەمێک نەخۆشی دەروونی، یان بابڵێین دەروونی شڵەژاو و ڕاڕایە.

٣- کوڕێکی شاعیر، گومان لە هەموو شتێک دەکات، تەنانەت لەخۆیشی.

**شوێن:** خانوویەکی کۆنە، ڕاڕەوێکی درێژکۆڵەی تێدایە و ڕەنگی خانووەکە خۆڵەمێشییەکی تێرە، خانووەکە لە بینایەکی کۆنی چەند ساڵە دەچێت، چەند ژوورێکی تێدایە و هەموو دەرگاکانی دەکەونە سەر ڕاڕەوەکە.

پێدەچێت ئەم خانووە پێشتر خانووی سەربازی، یان سەربازگە بووبێ، پەنجەرەی هەموو ژوورەکانیش، پەنجەرەی بچووک، بچووک، دەڵێی پەنجەرەی زیندانین کە سەیری خانووەکە دەکەیت لە پێشەوە لەوە دەچێت کە تایبەت بێت بە شوێنی دروستکردنی فیلمی ترسناک.

لەیەکەمین ژووری ئەم خانووەدا و لەو ژوورەی کە بەتەواوەتی ڕووبەڕووی بینەرانە، تابلۆیەک هەڵواسراوە، کە وێنەی کچێکی سەرتاپا سپییە و کۆمەڵێک دەستی ڕەنگاوڕەنگ هاتوونەتە نێوگەردنی، تابلۆکە لەتابلۆی هونەرمەندە ناتۆرالیزمییەکان دەکات. فەزای تابلۆکە ڕەنگێکی ڕەشی تۆخە و ڕەنگە گەرمەکانیش بەسەر تابلۆکەدا زاڵن. لەلای ڕاستی شانۆش مێزێک و دوو کورسی هەیە و هەندێک کتێب و کاغەزی لەسەرەو لەوە دەچێت عەسران کەسێک بێت لەسەر ئەو مێزو کورسییە خەریکی خوێندنەوە و نووسین بێت، لەبەشی دواوەی شانۆش هەندێک کەلوپەلی سەربازی و هەندێک جل و بەرگ کەوتووە لەوەدەچێت لەکاتی هەڵهاتنی، مەفرەزەیەکی سەربازی لەجەنگ لەم شوێنەدا بەجێیان هێشتبێت.

هەندێک وردە شووشە و بەردو قاپ و قاچاغیش لەملاولای شانۆ و بەناو ژوورو ڕاڕەوەکەدا بڵاوبووەتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەرییەش هەمووی لەم پانتاییەدا ڕوودەدەن:

**دیمەنی یەکەم**

لەقوولایی شانۆداو لەبەشی پێشەوە کچێک دانیشتووە و هەموو تەختەی شانۆ تاریکە، بەتەنیا بەشی پێشەوە نەبێت تارماییەک دەبینرێت وردە وردە ڕووناکی کە ڕەنگێکی پەمەیی بەر کارەکتەرەکە دەکەوێت. ئینجا وردە وردە هەست دەکەیت کە ئەمە کچێکەو دانیشتووە و خەریکی وێنەکێشانەو

بۆردێکی گەورەی لەبەردەستایە و بەشێوازێکی زۆر خێرا خێرا خەریکە قەڵەمەکەی بەسەر کاغەزەکەدا دەهێنێت هەر دەڵێی وێنەی دەموچاوی ژەنەراڵێکی سەربازی تووڕە دەکێشێت. لەملاولاشیدا. کۆمەڵێک کاغەزی سپی کەوتوون. لەگەڵ وێنەکێشاندا و لەگەڵ وردە وردە ڕەنگی ڕووناکییەکەدا کچە وێنەکێشەکە بەدەنگێکی ناسک گۆرانی دەڵێ و جاروباریش وەرەقەکەی سەر بۆردەکە دەدڕێنێ و وەرەقەی تازە دەخاتە سەر بۆردەکەو لەگەڵ یەکەمین بینیندا هەست دەکەیت دەروونی ناتەواوە و نیگەرانە. وردە وردە دەست بەقسەکردن دەکات لەوە دەچێت قسەکان هەر بۆ ئەوە بکات خەڵکی پێی بڵێن ماوەو نەمردووە بەرە بەرە ئیقاع و ڕیتمی دەنگی خێرا دەبێت دەست دەکات بە دیالۆگ.

**کچە وێنەکێشەکە:** من شەوان تا درەنگانێ خەوم نییە، بۆقەکان ڕیتمی واقە واقێکی بێتام دەردێنن و تا سپێدەی وەنەوزی مانگ و ئەستێرە کۆچەرییەکان خەریکی قیڕاندنن، ئەم قیڕاندنە ئارامی لەمردووەکانیش هەڵگرتووە، نەک ئێمەیەکی بەجەستە زیندوو، ئیدی نازانم ئەم بۆقانە لەکەیەکەوە پەیدابوون لەو ساتەوە کە ژەنەراڵ لەجەنگدا دۆڕا، یان لەو ساتەی سەربازەکان بڕیاری سووتانی هەموو شتەکانیاندا.

ئەمە جگە لەوەی هەر شەوناشەوێک مۆسیقاژەنێکی کەمانچە بەدەستی ڕەقەڵەی سەرسپی بەخۆی و جووتێ چاویلکەی بێ شووشەوە دێتەوەو لەگەڵ بۆقە سەلارەکانی ئێرە دەکەونە ئامێزی (گوناح) نازانم ئەو کەمانچە بەدەستە کێیە، (بەدەنگێکی نزم) تۆ بڵێی کۆکراوەی ڕۆحی هەموو سەربازەکانی ئێرە نەبێ. ئەمە جگە لەوەی بەخاچەکەی ملی ڕیتمی واقە واقێکی زۆر ناڕێک فێری بۆقەکان دەکات (بێدەنگی) «دەنگی زەنگی کەنیسە لەگەڵ لێدانی زەنگدا ڕووناکییەکانی تەختەی شانۆ دەگۆڕێت بەڕەنگێکی مۆری تۆخ، دەرگای دواوەی شانۆ دەکرێتەوە، پیاوێکی سەرتاپا ڕەشی بالابەرز دێتە ژوورەوە، لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا لە ڕاڕاوەکەی پشتەوە بۆ پێشی شانۆ سەردەکات بە هەموو ژوورەکانداو لەگەڵ هەر سەرکردنێک بەو ژوورانەدا لچێک هەڵدەقرتێنێ.

دێتە پێشەوەی شانۆ و وردە وردە لە کچە وێنەکێشەکە نزیک دەبێتەوە و زەق زەق لێی دەڕوانێ. ژەنەراڵ قژی ئالۆسکاوەو دەڵێی تازە لەخەو هەڵساوە بە دەنگێکی زۆر نزم و بە چرپەوە دەڵێت [سەرەتایەکەی سەیرە].

**کچە وێنەکێشەکە:** وردە وردە سەیری دەکات و وەک ئەوەی سەری بسوڕمێ، پێی دەڵێت [گوێی مەدەرێ ئەمە ڕەوشتی ئێرەیە].

**ژەنەراڵ:** هیوادارم بەڕەوشتی ئێرە ڕابێین و وەک دوو هاوڕێ هەڵسوکەوت بکەین [دم. تاریک بوونی هەموو تەختەی شانۆ].

**دیمەنی دووەم**

هەمان شوێنی پێشوو، کوڕەکە بەژوورەکاندا بەشێوەیەکی خێرا دەگەڕێت، وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێت و دەستی نەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی دەگەڕێت، بەلام جار جار سەیری ئەملاولای خۆی دەکات و ترسێکی زۆری هەیە لەچواردەوری خۆی ڕووناکییەکی تۆخی لەسەرەو جارجارەش ڕووناکییەکە بەهێز دەبێت و جارجاریش لاواز وردە وردە سیمای دەموچاوی دەردەکەوێت بەشێوازێکی زۆر هێمنانەو لەسەرخۆ و بەچرپە دەکەوێتە قسەکردن.

**کوڕ:** هەست دەکەم لەم شارەدا کۆمەڵێک کەسی بێ سەرو بێ چاو دەبینم و کەسیش ئەو کەسانە نابینێ ئەوانە نەبێت بەردەوام خەریکی پرسیار کردنن.

[دەنگی زەنگێکی خەتەرناک، لەوە دەچێت ئینزاربێت، یان کاتی بۆردوومان بێت] دەکەوێتەوە قسەکردن دیسانەوە زەنگ لێدرا پێدەچێت بیانەوێت ئەم تۆزە خانووەش ماوە ئەویش بکەنە کەلاوە، سەیرە لەشارێکدا تەنیا سێ کەس ماوە بە هەرسێکیانەوە مرۆڤێکی تەواویان لێدەرناچێت، بەلام هەرواز نایەنن، (گوناح)ی ژەنەراڵە ئەگینا ئەم شارە، پێیان دەوت شاری بەهەشتیان، ئەم کچەش عەیامێکە خەریکی وێنەکێشانە ئیدی شار جگە لەوێرانە هیچی تر نییە [وردە وردە دەنگی نزم دەکاتەوە وەک ئەوەی بڵێی کەس گوێی لەدەنگی نەبێت] هەر لەبەرخۆیەوە دەڵێ هەست دەکەم ژوورەکەی ئەودیو کەسێکی لێیە. پێدەچێت ئەو کچە بێت کە بەردەوام خەریکی وێنەکێشانە، لەوە دەچێت هەر بەردەوام بێت، پێ دەچێت ئەویش نەبێت. [کچەکە کە لەژووری ئەودیودایە گوێی لەدەنگی دەبێت].

**کچ:** [دەکەوێتە قسەکردن و فیکە لێدان و لەناکاو قاقا پێدەکەنێ].

**کوڕ:** لەوە دەچێت ئەو دەنگە لەم خانووەدا نەبێت.

**کوڕ:** نەخێر لەیەک ژووردایین، بەلام دیواری عەقڵمان جیاوازە ئێرەش شاری ژەنەراڵە دۆڕاوەکانە.

**کوڕ:** تکایە شاری ژەنەراڵی چی بۆ گاڵتەم پێدەکەی دەمەوێ بتبینم پاشان... پا.. شا...ن [دەکەوێتە هاوار هاوار و نازانێت چی بکات].

**کچ:** ئەو هاوار هاوارەت لەچییە ئێمە شێتین.. شێت، ئێمە درۆ دەکەین ئەگەر درۆ نەکەین، نازانین بژین.

**کوڕ:** ڕاست دەکەی منیش هەست دەکەم بەویستی خۆم نەهاتوومەتە ئێرە، بەڵکو بەس بۆچوونەکانم بەبۆچوونی خەڵکی جیاوازبوون، ئیدی منیان بەشاعیرە شێتەکە ناودەبرد.

**کچ:** ئەی ژەنەراڵ.

**کوڕ:** ژەنەراڵ، پیاوێکی سەربازییە و پاش ئەوەی هەموو تەمەنی خۆی لەڕیزەکانی سوپادا بردەسەر ئیدی بەچاوێکی تەواو سەربازییەوە لەژیانی دەڕوانی، بۆیە لەسەرەنجامدا لەگەڵ هێرشی سوپای دوژمندا تووشی هەڵهاتن هات و لەم



ماڵەدا گیرسایەوە.

**کـــچ:** بەڵام ژەنەڕاڵ لەبەر ئەوەی کابرایەکی سەربازییە و پێدەچێت چەندان کەسی سارکردبێتەوە، ئێستا بەردەوام گومان دەکات.

**کـــوڕ:** بەڵێ وایە منیش لەگەڵ گوماندام، «گومان کارێکی گرنگە گومان لە هەموو شتێ»

**کـــچ:** شێوەی قسەکردنت سەرنجی ڕاکێشام. تکا دەکەم دەمەوێت یەکتر ببینین با ئەم دیوارە وەهمییەی نێو ئەم ماڵەمان برووخێنین ئەوسا من و تۆ و ژەنەڕاڵ وەک سێ هاوڕێی ماڵێکی گەورە پێکەوە دەژین.

**کـــوڕ:** قسەکەت جوانە. بەڵام تۆ خۆت نەتوت دیواری عەقڵمان جیاوازە.

**کچ:** واز لەو قسانە بێنە، ئادەی لەو دیوارە وەهمییەی بەینی ژوورەکەمان بدە، بزانە ئەستوورە، یان نا من وادەزانم ئەستوورە. با تازووە تێکی بشکێنین، چونکە ژەنەڕاڵ لێرەبێت نایەڵێت ئەم ماڵە ببێتە یەک ژوور، چونکە ئەو دەیەوێت بەردەوام ژوورەکانی ئەم ماڵە جیاوازبن وەک چۆن «پلەی سەربازی جیاوازن».

**کـــوڕ:** [دەکێشێت بەدیوارەکەدا] پێدەچێت دیوارەکە ئەستووربێت دەستم خەریکە دەشکێت، من ئازاری دەستی خۆم دەدەم، چونکە دیوارنابینم.

**کچ:** تکایە بەس بێت، با ساتێکمان هەبێت بۆ بیرکردنەوە.

**کوڕ:** بیرکردنەوە لەچی؟

**کچ:** بیرکردنەوە لە هەموو شتێک، تەنانەت لەتۆش.

**کـــوڕ:** هەست دەکەم ئەم شوێنە پاش جەنگ و پاش لەناوچوونی مرۆڤەکان، بیرکردنەوە تێیدا مەحاڵە.

**کـــچ:** تکایە بابیربکەینەوە لەهەموو شتێک تەنانەت لەواقە واقی بۆقەکانیش. لەزەنگی سەربازو لەدەنگی پێی ژەنەڕاڵەکانیش.

**کـــوڕ:** من ناتوانم بیربکەمەوە، چونکە دەرگای بیرکردنەوەم داخراوە.

**کـــچ:** [هاوار دەکات و دەقیژێنێ. هەرچی وێنەی کێشاوە، فڕێی دەدات و دەیدڕێنێ] یەک، دوو، سێ، دە، سەد.. تاد پەککو لەم حەیاچوونە کە ئەم گومەزی پیاوەتییە نغرۆی سەر شۆڕی و نەمان کردووە و هەموو ژنەکان دەکەنە کەنیزەکی بەردەم شاو شازادەکان.

**کـــوڕ:** ئەی بەچی ئاڵۆشی ئەم دووڕیانە سەرشێتە دامرکێننەوە، جگە لە وێرانکردنی ئەم ماڵانە و زیندانی کردنی ئێمە.

لەم کاتەدا دەنگی هەورە برووسکەیەکی خێراو بەتوندی بەرخانووی ماڵەکە دەکەوێت و دڵۆپ دڵۆپیش باران لەدەرگا و پەنجەرەی خانووەکە دەدات. کچە وێنەکێشەکە بەدەنگێکی زۆر غەمبارو لەسەرخۆ بەماڵەکەدا دەگەڕێت و دەیەوێ دەروازەی ئەو شوێنە بدۆزێتەوە کە بگاتە لای ئەو پیاوەی کە قسەی لەگەڵدا کرد، بەڵام بێ ئومێد دەبێت و دەکەوێتە قسەکردن:

من لە هەموو ئەمانە بێزارم، لەبیرکردنەوە بێهوودەکانی، لەمرۆڤە بێ هەستەکانی، لە هەموو ئەوکەسانەی گاڵتەیان بەکارەکەم دێت. بەو کەسانەی کە پێم دەڵێن ببیت بە کەنیزەیێک لە وێنەکێشی باشترە، چونکە ئەم شارە خاڵییە لەهەموو شت و کەسی تێدا نەماوە تۆ وێنە بۆ کێ دەکێشی؟

**کـــوڕ:** [گوێی لەو قسانە دەبێت و ئەویش هەوڵ دەدات بچێت بۆ لای کچەکە و دڵخۆشی بداتەوە، بەڵام بێ ئومێد دەبێت]

ئەی کیژۆڵەی وێنەکێش، ئەوە بزانە زۆر قسەکردن مرۆڤ تووشی بێزاری دەکات، چونکە ئێمە لێرەدا ماوینەتەوە حەقە پشوویەک بدەین و ساتێک لەگەڵ وێنەکانی تۆدا هەناسە بدەین.

**کچ:** بەڵام ئێمە لەپاش ئەم جەنگ و ماڵوێرانییە زیندانین.

**کوڕ:** دە کەواتە با بەردەوام بین تا مردن.

**کچ:** ماندووبووم لەقسەکردن.

**کوڕ:** کەواتە وا باشترە لەیەکتر دابڕێین.

**کچ:** گۆشەگیری تەواو. من وێنەی جوان دەکێشم.

**کـــــــوڕ:** بەچی وێنە دەکـێـشی، لەوە دەچێت حـەزت لەوێنەکێشانی بەردەوام بێت.

**کچ:** بەڵێ من زۆر حەزم بەوێنەکێشانە، بەڵام خەریکە دەبمە دوژمنی وێنەکـانم، چونکە بە کەنیزە و شێتم ناودەبەن، جگە لەوەش ئێرە و ئەم شـارەی ئێـمـە چۆڵ بووە لەشـتی جـوان، چونکە ژەنەڕاڵە سەربازییەکانی وڵات هەموو جوانییەکانیان ژێرپێ نا.

**کـــوڕ:** هەست دەکەم نە شیعرەکانی من و نە وێنەکانی تۆ ناتوانن بگاتە پیرۆزیی (بێـری) سـەری ژەنەڕاڵەکـان، بۆیە هەست دەکەم بەرەو نەمانی تەمەنمان دەچین.

**کچ:** لەوە دەچێت قوفڵی ژیانمان داخرابێت!!

**کوڕ:** ئەگەر سیماو نەمترسێنێ، ئەوا وشەکانت دەمترسێنێ

**(تاریکی)**

### دیمەنی سێیەم

ژەنەڕاڵە سەربازییەکە لەسەر تەختەی شانۆییەو تەختەی شـانۆ زۆر تاریکە، هیچ شـتێ نابینرێت بە تەنیـا ئاگـری جگەرەکـەی ئەو نەبێت، دووکـەڵی جگەرەکـەی لەناو تاریکییەدا خنکاوە، ڕووناکییەکی کزی سووری لەسەرە وردە وردە سیمای ژەنەڕاڵ دەبینرێت. بەرەو دواوەی شانۆ دەڕوات و لەوە دەچێت پاش دۆڕانەکـەی بیـەوێت هەواڵ پرسی پاش جـەنگە خـوێناوییـەکـان بکات و کـەسی دەست نەکـەوێت پرسیاری لێ بکات، دەڕواتە دەرێ.

**کچ:** خەریکی وێنەکێشانە و بۆردەکەی بەدەستەوەیە، وێنەی یەکەم فڕێ دەدات، دووەم فڕێ دەدات، سێیەم فڕێ دەدات... تاد. بنیشـتەکـەی دەمی دوای جوینێکی زۆر ئەویش فڕێ دەدات، دەکەوێتە قسەکردن: تاریکی سەمای دەست پێکردو شـاریش پەنجـەی خـسـتـە کـونی گـوێی تا تۆنە دزراوەکـانی کەمانچەژەنە قژ سپییەکەی گوێی لێ نەبێ.

**کـوڕ:** گوێم لێتە ئەی کیژۆڵە دەنگ ناسکەکە تۆ چاوەڕێی چی لەو پیاوە کەمانچە ژەن و لەو ژەنەڕاڵە سەربازییە دەکەی. ئەوان تەرازووە ژەنگاوییـەکـانیـان تەنیـا ترس و ڕاڕایی دەخـوێنێتـەوە، ژەنەڕاڵیش بەدادانەوەی تارای شـەو بەسـەر ڕوخسـاری دزێوی شاردا خۆشـحاڵ بوو، چونکە ئەو خـەونی بەتێکدانی مـاڵەوە دەبینی و دەیویست مـاڵەکـان چۆڵ کـات چۆڵ. بۆیە ئێستا ژەنەڕاڵ خۆشحاڵە.

**کــــچ:** هاوڕێی شـاعـیر چۆن خۆشـحاڵ نەبێ بەدەرکردنی تیشکەکانی ڕۆژ ئیتر دزێوی و سـەرگەردانییەکـانی شاریش شـەقـامـەکـان جێدێڵن و سـەریان دەبەنەوە بە ئاخـوڕەکـاندا و ئەوەی لە شەقامەکانی شاردا جێ دەمێنێ تەنیا درەختەکانە، ئای لەم پاشاگەردانییە.

لەم کـاتەدا ژەنەڕاڵ بەجل و بەرگی سـەربازیـیـەوە دێتـە ژوورەوە تەنیا کڵاوە سەربازییەکەی لەسەردا نییە، لەدواوەی پشـتی شانۆدا دەوەسـتێت بەشێـوازێک کوڕە شـاعـیـرو کچە وێنەکێشەکەش دەبینێ و دەکەوێتە قسە.

ژەنەڕاڵ گوێم لەدەنگێکی ناخۆشە و ڕیتمی ئەستێرەکانی شێـواندووە شـەوانە تا دەنگانێ گـوێم لەدەنگی بێزاربوونی ئێوەیە.

**کـــچ:** دەنگی بێزاری ئێمە. نەخێر ئەوە ڕیتمی واقە واقی مرۆڤە بە بۆقبووەکانە.

**ژەنـــەڕاڵ:** نەخێر لەم دۆزەخەدا جگە لەدەنگی ئێـوە، هیچ شتێک ئێمە بێزار ناکات، چونکە سەربازەکان بێ ئومێد نابن لە جـەنگ و منیش پەیامم پەیامی یاخـیـبـوون و هەڵهـاتنە. ئیدی جگە لەجەنگ، هیچ شـتێکی دی چاوەڕێتـان ناکات و ماڵەکەشمان خاڵییە لەهەموو شت.

**کـــــچ:** ئا بیـرم کەوتەوە جەنابی سـەرهەنگ شـەونا شەوێ مۆسیقاژەنێکی کەمانچە بەدەستی ڕەقەڵەی سەرسپی بەخۆیی و جووتێ چاویلکەی بێ شووشەوە دێتەوە و لەگەڵ مرۆڤە بە بۆقبووەکاندا دەخزێتە ئامێزی گوناح.

**ژەنـــــــەڕاڵ:** دوای ئەم هەمـوو خـوێن ڕێژییـە مـرۆڤـە بە بۆقبووەکان، چیبان دەوێت ئەم شارە لەچاوی منەوە هێمن و لەسـەرخـۆیە، چونکە بەتەنیـا تۆ و ئەو کـوڕە شـاعـیـرەی لێ دەژی، بۆیە هەروا تەنیا بن باشترە، چونکە تەنیایی لەویستی دەسەڵات و خوێنڕێژی دوورتان دەخاتەوە.

**کـــچ:** هەرگیز تەنیا نەبووین، مرۆڤ بەتەنیا دەتوانێ چی بکات جگە لە هاوڕێ بوونمان لەگـەڵ عـەمـوود و درەخـتـە ڕزیوەکانی ئەم ماڵ و شارەدا.

**ژەنەڕاڵ:** وردە وردە ڕادێین.

**کچ:** نامانەوێت ڕابێین.

**ژەنەڕاڵ:** ئەی چیتان دەوێت؟

**کچ:** گەڕانەوە.

**ژەنەڕاڵ:** بۆ کوێ؟

**کچ:** بۆ بەختەوەری بۆ ماڵە کۆنەکەی جاران، ئەو ماڵەی کە وەک ئێستا لەکەلاوە نەدەچوو.

**ژەنـــەڕاڵ:** ئەم داوایەتان، لە داوای خەڵکە بەهەشتییەکان دەچێت. ئێـوە نابێت ببنە ڕێکخـەری ئەو پیـاوە پیـرە کـەمـانچـەژەنە، چونکە ئەویش هەر ئەمـە داوای بوو، کـە تاریکی دادەهات بەخـەوێکی تەمـەڵ و بەپلەکـانی عـەزابدا بەرەو گۆڕە تاریکەکانی شاردا شۆڕدەبوویەوە،

**کـــچ:** بەڵام گۆڕستانی ئەم شارە لەمنەتی ئەم مۆسیقاژەنە سەرسپییە تووڕەن کە شەو بەسەر خۆشی و مرومۆچی دێتەوە، دیسانەوە وێنەو نەخشەی شاردەکەنەوە بەسەردەمی هابیل و قابیل.

**کـــچ:** ئێمە چاک ئەو کەمانچەژەنە دەناسین و چاک دەزانین گـوزارشت لەکێ دەکـات. بەهاتنەوەی بۆ ئێـرە زێوانەکـانی گۆڕسـتـان لەبەری هەڵدەستن و دەستشۆری خوێناوی منداڵە

دڵپەڕیوەکانی بۆ دێنن و ئەویش خۆی پێدەشوات.

**ژەنەڕاڵ:** ئەم قسانە لەکۆتایی جەنگە دۆڕاوەکان دەچێت، ئەوە بزانن ئێرە دۆزەخە بۆتان دۆزەخ، نەخشەی شاریش بەم شێوەیەیە لەبەرچاوم. [دەڕواتە دەرەوە] لەکاتی ڕۆیشتنە دەرەوەی ژەنەڕاڵ، کوڕە شاعیرەکە دەردەکەوێت و لەشوێنی سەرەتاوە دەیەوێت دیسانەوە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ کچە وێنەکێشەکەدا.

**کوڕ:** هاوڕێ من تۆ دەبینم و گوێشم لەقسەکانتە، بەڵام گومانم هەیە.

**کچ:** نەشم بینی گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە گوێت لەقسەکانمە.

**کوڕ:** دەنگ بەرز مەکەوە چونکە قەدەغەیە. خۆ ئێستا یەکتر دەبینین.

**کچ:** ئاە، بەڵام تکایە پێڵاوەکانت داکەنە دەنگی بێزاری کردووم.

**کوڕ:** خۆ دەنگی زۆر خۆشترە لەدەنگی واقەواقی بۆقەکان و لە عەزفی ئەو کەمانچەژەنەی کە شەو تا بەیانی نەیدەهێڵا بخەوین.

**کچ:** ڕوخسارت چۆنە؟؟ لەوە دەچێت جوان بیت، تۆ بڵێی ئەو وێنانەی کردوومن ڕاست دەرچووبن و لەتۆ بکات.

**کوڕ:** دەزانی شێوازم چۆنە.

**کچ:** کوڕێکی باڵابەرزی موزەردی دەموچاوپانی.

**کوڕ:** ڕاستە زۆر ڕاستە، براڤۆ. براڤۆ بەردەوام بە لەوێنەکێشان.

**کچ:** بەپەلە دەست دەکات بە وێنەکێشان و لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت.

**(تاریکی)**

کە تەختەی شانۆ ڕووناک دەبێتەوە کوڕە شاعیرەکە لەسووچی لای ڕاستی شانۆوە دانیشتووە و بەهەر چوار دەوری خۆیدا کاغەزی پەخش کردووە لەوە دەچێت زۆر مەشغوڵ بێت بە نووسینی قەسیدەیەکەوە بۆی نەنووسرێت، زۆر نیگەران و ڕاڕایە و وردە وردە دەکەوێتە قسەکردن و حیوار وتن:

**کوڕ:** لەنهێنی سیحری ئەم ماڵەوێرانەیە حاڵی نەبووم، بۆقەکان دەنگیان تا کەشکەڵانی فەلەک دەچێت، نازانم چی بکەین تا لە جەنگی ئەم مۆسیقاژەنە سەرسپییە و ئەو سەربازە خەسیوانە ڕزگارمان بێت، پیاوە بە بۆقبووەکانیش لەتاو ڕفاندنی ژنەکانیان قیڕەیان تا ئاسمان دەچێت [لەدواوەی شانۆوە وردە وردە ژەنەڕاڵ بەدەم گوێگرتنی ئەم قسانەوە دێت بەرەو لای شاعیرە کوڕەکەو زۆر هێمنانە لێی ڕادەمێنێ].

**ژەنەڕاڵ:** چیتە ئاسایی ناتبینم. لەکاتی تێپەڕبوونم بەم شوێنەدا گوێم لە سێ دەنگ بوو، گوێم لەدەنگی کەمانچەیەکی ناخۆش، گوێم لەقیڕە قیڕی بۆق، گوێم لە دەنگی پێکەنین و حیلک و هۆڕبوو.

**کوڕ:** من بەتەنیا لەگەڵ ئەو کیژە وێنەکێشەدا قسەم کردووە.

**ژەنەڕاڵ:** پێدەچێت ژیان و گوزەرانمان تەواو لەیەکترەوە نزیک بێت، وابزانم منیش وای بۆ دەچم تۆش شاعیرێکی دۆڕاو بیت، هەروەک چۆن من ژەنەڕاڵێکی هەڵاتووم.

**کوڕ:** وێنەت جگە لەوەی لە ژەنەڕاڵ و سەرهەنگێکی دۆڕاو دەچێت لەو پیاوانەش دەچێت کە زێوانەکانی گۆڕستان خوێنی منداڵەکانی بۆ دەکەنە دیاری و ئەویش خۆی پێ دەشوات.

**ژەنەڕاڵ:** وەک وتم وێنەی ئێوە و وێنەی شار بەو شێوەیە دەبینم کە باسم کرد، پێویستیش بە هەڵچوون ناکات. [کەمێک بێدەنگی] ژەنەڕاڵ دەڕواتە دەرێ.

**کوڕ:** [بەتووڕەیی و هەڵچوونەوە] حەز دەکەم ئەم دیوارە برووخێنم بێزم لەخۆم دێتەوە، ڕقم بەرامبەر هەموو شتەکان دروست بووە سۆما سفت و سۆڵەکانم دێتەوە یاد. (کەمێک بێدەنگی) هەر ئەو سۆمایانە بوون سەربازە خەسیوەکانیان فریوداو لەشەوێکی بێکۆتادا مانگ و خۆریان لەیەک کرد، (بێدەنگی) گومانم لەبوونی خۆشم هەیە، تکایە هاوڕێ.

هێی تۆ. وێنەکێش هەست دەکەم وەهمی نێوانمان نەما بەتەواوەتی دەوبینم، تکایە وەرە ئێرە، چونکە گومانم هەیە، گومان.

**کچ:** بۆچی هیچ بووە؟

**کوڕ:** بەڵێ پێویستە لەسەر هەڵەکانی خۆمان بەردەوام بین.

**کچ:** توانای گوێگرتنی ئەم قسانەم نەما، یەکێک بانگ..

**کوڕ:** من هیچ شتێک نازانم (گوناح)ی خۆشم نییە، چونکە شاعیریەکەم وای کردووە بەشێت و بە نەفام لەلایەن پیاوە بە بۆقبووەکانەوە ناوببرێین.

**کچ:** ئیتر ڕزگارمان نابێت لەقسەی خەڵک. ئێمە نەفامین. نەفام.

**کوڕ:** دە کەواتە ئەم شارەی ئێمەی تێیدا دەژین، ئەم خانووەی کە من و تۆ دەمانەوێت لەناویدا خەو بمانباتەوە، لەچاوی ژەنەڕاڵەوە سەربازگەیە. سەربازگە

**(تاریکییەکی خێراو شانۆییەکە تەواو دەبێت)**